www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 19:29 29-9-2006

## له بێباکیی (پاپا) وه، بۆ ناعەقلانیەتی جیهانی ئیسلامی.. یاساناس. ئەبوبەکر کاروانی "

لێدوانەکانی پاپای ڤاتیکان و کاردانەوە جۆراوجۆرەکانی جیهانی ئیسلامی جارێکی تر خستیە روو کە هێشتا پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو ئاینەکە و خۆرهەڵاتی ئیسلامی و خۆرئاوای مەسیحی خودان رەگ و ریشەیەکی قووڵ نین، بەڵکو تەنها رووداوێك بەسە بۆ ئەوەی هەموو ئەوەی لەو پێناوەدا و لە میانەی دیالۆگی ئاینەکان ئەنجام دراوە بخاتە ژێر پرسیارەوە. هەموو دەزانین پەیوەندیی نێوان ئەم دوو ئاینە بەتایبەتیش لەسەر ئاستی دامەزراوەکاندا بە قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە و یاداوەریی هەردوو لا بەرامبەر بە یەك هەست و هەڵوێستی جۆراوجۆر دەگرێتە خۆ.

شەڕەکانی خاچپەرستی و گەیشتنی سوپا ئیسلامییەکان بە چیاکانی ئەلپ و دواتر ڤیەننا و دواتر هێرشی کۆلۆنیالیزی خۆرئاوایی بۆ سەر وڵاتانی ئیسلامی و تێکەڵاوبوونی مەسەلەی مزگێنیدەری (البشیر) بەم هێرشە پشتیوانیی بێ دریغی وڵاتانی خۆرئاوا لە ئیسرائیل و چەندین مەسەلەی تر، شوێنەواری قووڵیان لەسەر یاداوەریی هەردوولا بەجێ هێشتووە.

ئەمەش واقیعێکە و هەموومان بە چاوی خۆمان دەیبینین رۆژ بە رۆژ ململانێکان زیاتر مۆرك و رەنگی ئاینی بەخۆوە دەگرن، تەنانەت خەریکە کار بگاتە ئەوەی ململانێ سیاسی و ئابوورییە رووتەکانیش راڤە و لێکدانەوەی ئاینییان بۆ بکرێت، کە ئەویش روونە هەستیارییەکان بەرامبەر بە یەکتر بەرەو باڵا دەبا و زۆرترین پانتایی لە ململانێ و ناکۆکییەکان بەر سۆز و هەڵچوون و کاردانەوەی سۆزدارانە دەکەون، بەتایبەتیش کە ئێمە لە جیهانێکی پڕ لە قەیران و کێشەدا ئەژین، بەتایبەتیش لەو بەشەدا کە پێی ئەوترێت خۆرهەڵاتی ئیسلامی.

ئەو شێواز و زمانەش نەك هەر پەیڕەوکەرانی هەردوو ئاینەکە ناگەیەنێت بە هیچ مەبەستێ، بەڵکو زیاتر بەنزین بە ئاگرەکەدا ئەکات و کێرڤی دەمارگیری و توندڕەوی و بەسەر خۆدا داخران بەرەو بەرزی دەبات، هەر بۆیە ئەمڕۆ لە هەر کات زیاتر جیهانەکەمان پێویستی بە بیرکردنەوە و هەڵوێستی لێپرسراوانە هەیە، بەتایبەتیش لەلایەن رێبەرانی فکری و سیاسی و ئاینی و رەمزەکانەوە، چونکە هەڵەی بچووکی ئەوایە هەندێ جار مەترسیی گەورە بۆ سەر ئاشتی و ئارامی و بەیەکەوەژیانی ئاشتیخوازانە دروست دەکات، هەڵوێستگرتن بە بەرچاوروونانە و لە بەر تیشکی ناسینی بێلایەنگیرانەی بەرامبەر و رەچاوکردنی باری دەروونی و سیاسی و وێنا لەخۆگرتنی بەرامبەر ئاینی و فکری و ژیارییەکان و رزگاربوون لە کەلەپوری قورس و گرانی مێژوویەکی پڕ بە ململانێ و کێشمەکێش مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە، بەتایبەتی لە هەر مەسەلەیەکدا کە پەیوەستە بە ئیسلام و جیهانی ئیسلامی، چونکە ئەم جیهانە وەك ئاین و مرۆڤ و گەلەکان، بە دۆخێکی ناسکی پڕ هەڵکشان و داکشان و زام و خۆپێناسەکردنەوە و سەراسیمەبوون و هەستکردن بە شکست و بریندداربوونی کیبریایدا تێدەپەڕێت، هەموو ئەمانەش وای لێ دەکات کە نیەتەکانی نائارامی و تەقینەوە زۆرتر بین.

پاپای کاتۆلیکەکان کاتێ پەرەگرافی ئیمپراتۆریەتی بەکار دەهێنێ و واز لە وەڵامی بانگخوازە موسڵمانە فارسییەکە دەکات، کە چەندین رۆژ لە سەر مەسەلە لاهوتی و ئاینییەکان قسە و مشتومڕیان کردووە، تەنها رووبەك و گێڕانەوەیەکی مێژوومان دەخاتە پێش چاو، مێژوو پێمان دەڵێ ئیمپراتۆریەکە قورئانی نەخوێندۆتەوە، چونکە دوای چەندین سەدە لەو بەروارەوە یەکەم وەرگێڕانی قورئان بە زمانی لاتینی ئەنجام دراوە، پاپای ستاش لەگەڵ هەستیاری و ترسناکیی پێگە و شوێنەکەی دیسانەوە قورئانی نەخوێندۆتەوە، کە ئەگەر پاساوێك بۆ ئیمپراتۆریەتە بیزەنتییەکە هەبێت، هەرگیز بۆ پاپایەك لە سەدەی بیست و یەکەمدا نییە، کە دەیان وەگێڕانی قورئان و چەندین سەرچاوە و کتێبی ئیسلام بە

زەمانە زیندووەکانی جیهان لەبەردەستدایە و لە هەمان کاتدا ڤاتیکان بانگەشەی دیالۆگی ئاینەکان دەکات، بەڵگەش لەسەر ئەوەی پاپا بە قووڵی و وردی قورئانی نەخوێندۆتەوە، قسەکردنیەتی لەسەر یەکەم سورەتی قورئان کە ئایەتی (لا اکراه فی الدین) ی تیایە و، ئەو پێی وایە کە ئەم سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام و مەککە، کە محەمەد (د. خ) لەژێر فشاری نەیارەکانیدا بووە، لە کاتێکدا ئەو ئایەت و سورەتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێك کە پێغەمبەری ئیسلام لە لوتکەی هێز و دەسەڵاتی خۆیدا بووە.

هەروەها پاپای ڤاتیکان لە کاتێکدا بەو ڕەهاییە ناعەقڵانیبوون دەبەستێتەوە بە ئیسلامەوە ستەم لە مێژوو دەکات، چونکە پاپا نابێ لەبیری بچێت کە لە کاتێکدا ئەرستۆ لە جیهانی یەکەمدا بە مامۆستای یەکەم دەناسرا و بە زمانی عەرەبی لەگەڵ ئەفلاتوون و چەندین فەیلەسوفی ترە وەردەگێڕدران و (ابن سینا) و (فارابی) و (ابن رشد) و چەندین فەیلەسوف و بیرمەندی تر لێرە نەریتی بیرکردنەوەی عەقڵانیەتیان پەرە پێ دەدا و مەسیحیەتی لە بەرگی کەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاستدا سەرسەختانە دوژمنایەتی ئەو کەلەپورەی دەکرد و بە کوفر و مورتەدەی لە قەڵەم دەدات. (1)

لەلایەکی ترەوە ئەو ستەم و خوێنڕێژییەی لە بەرەنجامی هێرشی خاچپەرستی سەدەکانی ناوەڕاست کە ئەوە مەسەلەیەکی هەر وا کەم و ئاسان نییە کە بتوانرێت پەردەپۆش بکرێت.

دیارە پاپای ڤاتیکان لە موحازەرەکەیدا مەبەستی بوو شوناسێکی نوێ بۆ ئەوروپای هاوچەرخ بخاتە روو وەك جێگرەوەیەك بۆ عەقڵانیەتی رۆشنگەری کە ئەو شوناس و جێگرەوەش بریتییە لە عەقڵانیەتی مەسیحی، پاپا باسی لەو کارلێککردنە کرد کە لەنێوان مەسیحیەت و رۆشنبیری هلینی رویداوە، هێنانەوەی نمونەی ئەو ئیمپراتۆرەش لەنێوان چەندین ئیمپراتۆری تردا هەر بۆ ئەو خۆپێناسەکردن و تۆخبوونەوەی ئەو شوناسەیە کە باسمان کرد.

کە روونە لێرە پاپا دەچێتە ناو ستراتیژی سەنتەریزمی خۆرئاوایی و بە تایبەتیش ئەوروپی، بەڵام لە لایەکی ترەوە لە کاتێکدا ئەو مافە دەدەین بە موسڵمانان کە هەر هەڵوێست بگرن و ناڕەزایی بەرامبەر ئەو هەڵویستە ناعەقڵانییەی پاپا دەرببڕن، دەبێت ئەم واقیعە ئەو واقیعە تاڵەیان لەبیر نەباتەوە کە جیهانی ئیسلامی تێیدا دەژی، موسڵمانان راست نییە لە بیریان بچێت کە خۆیان بەشێکی سەرەکین لە و وێنە تەڵخ و شێواو و ناشیرینەی ئیسلام کە ئەمڕۆ بە جیهان دەدرێت، بوونی دنیایەك توندوتیژی و خوێنڕێژی و کوشتن و سەربڕین و رفاندن و رەشەکوژی بە ناوی خوا و ئاینەوە، کە ئەمڕۆ لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانەدا دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێت.

گومانی تیا نییە کە ناوەڕۆکی چەمکی (جیهاد) یەکسان دەکات بە جەنگی پیرۆز بە مانا خۆرئاواییەکەی و موسوڵمانیش لە دنیادا وەك کەسانی دڵڕەق و توندوتیژی ناعەقڵانی پێناسە دەکرێت، هەر لەو نێوەندەشدا ئیسلام بەرگی ئاینێکی شەڕەنگێز و خوێناوی و مەترسیدار لەخۆ دەگرێت و، ئاسان نییە موسڵمانان داوا لە جیهان بکەن لە دەقی کتێبەکانەوە سەیری ئیسلام و شوناسی ئەوان بکەن نەك لە واقیعەکەیانەوە، چونکە هەتا کەسێ ئەوە دەکات هەزاران ناتوانن لەو رێگایەوە ئیسلام بناسن، بەڵکو لە رووی فیکری و فیقهی رووتیشەوە کەم نین ئەو نووسین و کتێب و سەرچاوانەی کە لەسەر چەمکی جیهاد و هەڵوێستن بەرامبەر ئاین و فیکرەکانی تر نووسراون و بە خوێندنەوەیان وێنەیەکی تاریك و خوێناوی بۆ ئیسلام دەخەنە روو و، دەیسەلمێنن کە ئەم ئایدیۆلۆژییە ئاینییەی ئێستا لەئارادایە، بە کردەوە جێگای مەترسییە و پرۆژەیەکە بۆ وڵاتانی ئەوی تر و مل پێ کەچکردن و تەنانەت سڕینەوەشی، هەڵبەت ئەم هیچی بچووکترین پاساو نییە بۆ وتەکانی پاپا، بەڵام هەق وایە لەم کاتانەدا گەلانی موسڵمان و کۆڕ و ناوەندە ئیسلامییەکان بە پلەی یەکەم ئاوڕ بدەنەوە لە ناوخۆی

خۆیان و بپرسن داخۆ چ هۆكارگەلێك لێپرسراوە لەوەی بەو جۆرە ببنە ئامانجی نەیار و كێبەركێكەرە ئاینی و سیاسی و فكرییەكانیانەوە؟
راستە پاپا هەڵەی كرد، بەڵام ئایا دەیان بەڵگە لە واقیعی وڵاتانی ئیسلامیدا دەستناكەوی كە بۆ ملیۆنەها خەڵكی سادەی سەر ئەم زەمینە بیسەلمێنێ بەڵێ قسەكانی پاپا راستن؟ داخۆ دنیای ئیسلامی پڕ نییە لە ناعەقلانیەت و دواكەوتوویی و توندوتیژی و زۆرداریی سیاسی و دۆگمایی ئایینی و توندڕەویی فكری، كە پرۆسەی گۆڕان و ریفۆرم و تازەبوونەوەیان لەم جیهانەدا قورستر كردووە؟
ئایا واقیعی موسوڵمانان خۆیان لێپرسراو نییە لەو راڤە سەقەتەی لێرە و لەوێ بۆ ئیسلام دەكرێت؟ دەبێت جیهانی ئیسلامی لەو قسەی (د. عەبدولكەریم سروش) تێبگات كە دەڵێ: (ئایینی پیاوی زەلیل زەلیلە) . ئەگەر موسوڵمانان و ناوەندە ئیسلامییەكان بەرگری لەوە دەكەن كە ئیسلام ئایینی عەقڵ و لۆژیكە و دژی خەرافە و جەهل و ناعەقلانیەتە، داخۆ تێگەیشتنی خۆیان یاخود زۆربەی هەرەزۆری خۆیان ئاماژەیە بەو رەوتە عەلانییەی ئیسلام؟ داخۆ بیرمەندەكانیان تەفسیرێكی عەقلانییان بۆ دەقەكانی هەیە و، مێژوو و رووداو و كەسەكان لە بنەما و پرەنسیپ و بەهاكان جیا دەكەنەوە و لە پردە كۆنەكانی پەیوەندی لەگەڵ ئاین كە راڤە مێژووییەكان و كەلەپوور دەیخاتە روو پەڕیونەتەوە بۆ پەیوەندی و كارلێكێكی هاوچەرخ، كە بەو تونێلە پڕ پێچەی مێژوودا نەڕوا؟ ئەگەر ئیسلام ئاینی عەقڵە، داخۆ عەقڵ لە ژیان و واقیع و دنیای موسوڵماناندا ئامادەیە، یاخود لە زۆر جاردا نادیار و كۆنترۆڵكراو و دەستبەسەراگیراو و پەراوێزخراوە؟ بۆیە لەگەڵ رەوایی هەڵوێستگرتنی بەرامبەر هەر جۆرە رادەربڕین و لێدوانی كە بۆنی سوكایەتی و تۆمەتی لێ بێت بەرامبەر ئیسلام ـ هەڵبەت بێ ئەوەی لە دوور و نزیكەوە بگاتە بەكارهێنانی توندوتیژی و هێرشكردنە سەر پەیڕەوكارانی ئاینەكانی تر و، تەنانەت عەقیدە و ئاینەكەشیان ـ.
پێویستە سەرنجدانی راستەقینە بەرەو ناوخۆ بێت. بەرەو دۆزینەوەی رەگەكانی دواكەوتن و چەقبەستن و لاساییكردنەوە و خۆلێ ونبوون و نەبوونی رێبازێكی راست و زانستی بۆ بیركردنەوە و بڕیاردان و نەخشەكێشان و پرۆژەیەك بۆ بیناكردنەوەی ئیرادەیەكی ئیجابی، جیهانی دەرەوەش كاتی رێز لەم جیهانە دەگرێت، كە ئەو خۆپیشاندان و رێپێوانانەی ئێستا دەبینین و ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی ناڕەزایی و دەربڕین كە لەئارادان، بەرامبەر جۆرەها شێوازی سەركوت و ژێرپێدانی مافەكانی مرۆڤ و رەشكوژی و زیندانی و سزادانی بەندكراوان ئەنجام بدرێت، كە لە زیاتر لە وڵاتێكی ئیسلامیدا بەێوەیە.
ئەو كاتە دەبێتە ئاماژە بۆ بەگەورەگرتنی كەرامەتی مرۆڤ و ماف و ئازادییەكانی، ئەگەر خەریك بوون بە دوژمنی دەرەكی ئەركە ناوخۆییەكانی لەبیری گەلە موسوڵمانەكان و ناوەندە ئیسلامییەكان بردەوە، ئەوكاتە پرۆژەی ئەم جیهانە لە جاران زیاتر دەبێت بە تینوێتی بۆ مردن، نەك مەشق بۆ ژیان و ئاوەدانكردنەوە و گەشەكردن و فێربوون، ئەوكاتە ئەم جیهانە دەیەوێت نەیارەكانی لێی بترسن نەك هەوڵ بدات رێزی بگرن، ئەگەر كۆڕ و كۆمەڵە ئیسلامی و كەسایەتییەكانی جیهانی ئیسلامی وریا نەبن، ئەم رووداوانە زیاتر بەرەو بەسەرخۆدا داخران و زیندووكردنەوەی رەگەكانی رۆشنبیری بەرەنگاریی تەقلیدییان دەبەن، كە ئەمەش ئەگەر لە نزیكیشدا بتوانی ئازارێ بە نەیارەكان بگەیەنێت، لە دوورەوە دوچاری شكستی گەورەی دەكات.
بەرەنجامگیریش لەم لێدوانەی پاپا نابێت ئەوە بێت كە پێشگرتن (دیالۆك) وەك شێوازێك بۆ مامەڵەكردن لەگەڵ بەرامبەری ئاینی لەبار چووە و بێ سودیی ئەو شێوازە بخرێتە روو، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئێستا لە هەر كات زیاتر ئەو شێوازە پێویستە، چونكە كاتی گرفت و تەنگژەكان گەورە دەبن، ئەوساكە پێویستی بە (حیوار) ی زێدەتر دەبێت.

بۆیە پێویستە (حیوار) ستراتیژ بێت لە پێشەوە بە ئاراستەی ناوخۆ و دواتر بە ئاراستەی دەرەوە، چونکە (حیوار) داخوازییەکی ئیسلامییە (وَجَادلْهُمْ بالَّتی هیَ اَحْسَنُ) و پێداویستییەکی ژیاری و ڕێبازێکی عەقڵانیانەیە بۆ خۆ نمایشکردن و بەدەستهێنانی ڕێزی بەرامبەر و داڕشتنی پەیوەندییەکی نوێ.

لە کۆتاییدا دەڵێم پێش ئەوەی هیچ کەسێ سوکایەتی بە ئیسلام بکات، ئەوە موسوڵمانان خۆیانن بەو واقیعەی هەیانە و بەو وێنەی پیشانی دنیای دەدەن، ستەم لە ئاینەکەیان دەکەن.

1ـ گوتارێکی (ئەمیری تاهیری

" وەزیری هەرێم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان